ئەمساڵ زیاتر لە بیست هەزار دۆنم زەوی لە پارێزگای دهۆک کراوەتەوە

نزیکەی 21 هەزار دۆنم زەوی لە پارێزگای دهۆک کراوەتەوە ئەمساڵ و پێشبینی دەکرێت 23 هەزار تەن برنجی لێ بەرهەم بێت.

ئەحمەد جەمیل، بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵی پارێزگای دهۆک، بە فەرمانگەی میدیا و زانیاریی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاند: "حکومەتی هەرێم گرنگییەکی بە کەرتی کشتوکاڵ دەدات و بازاڕسازییش بۆ بەرهەمی جووتیاران دەکات، کە وای کردووە بەرهەمی کشتوکاڵی زیاتر بێت و پاڵپشتیی خواستی ناوخۆ بکات".

بە پێی زانیارییەکان، هەرێمی کوردستان بە خێبژەوی لە خەراکی برنج، پێویستیی بە 300 هەزار تەن برنجە لە ساڵێکدا.